# کۆماری کوردستان و کەشتی تایتانیک

**پێشەوا قازی و کاپیتان ئیدوارد جان ئیسمیت**

**ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دەبێ چ دەرسێک لە کارەساتی تایتانی وەرگرێ؟**

**ئیبراهیم لاجانی**

www.peshmergekan.com



**Titanic at Southampton docks, prior to departur**

ئەمساڵ شەست و پێنجەمین ساڵی لەداردانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری دەوڵەتی جمهوری کوردستان بوو. هەروەها سەد ساڵەی نقووم بوونی کەشتی تایتانیکیشە. ئەو دوو ڕووداوە کە هەرکامیان لە گۆشەیەکی ئەو دونیایەدا و لە کات و شوێنی جیاوازیشدا ڕوویانداوە، زۆر وێکچونیان تێدان کە جێگای سەرنجن. هەردووکیان دەچنە خانەی وەزعیەتی قەیرانی و چۆنیەتی مودیریەتی قەیران. تێدەکۆشم شتە هاوبەشەکانی نێوانیان پەیداکەم و پاشان ئەو دەرسانەش کە دەبێ لێیانەوە فێربین، هەلێنجم.

### تایتانیک

ئار. ئێم .ئێس تایتانیک کەشتیەکی هەڵمی گەورەبوو کە لە چواردەی ئاپریلی ١٩١٢ دا، لە کاتی سەفەر کردن لە بەندەری ساوتهمتۆن، لە ئینگلیستانەوە بۆ شاری نیۆیۆرک لە ئەمریکا، لە ئاکامی بەرکەتن بە کێوێکی سەهۆلینی سەرئاو کەوتووی نێو دەریادا، نقووم بوو و لە ئاکامدا نزیکەی هەزار و حەوسەد و بیست و پێنج کەس گیانی خۆیان لەدەستدا.

لە درووستکردنی تایتانیکدا پازدەهەزار کرێکار و ئەندازیار بەشداربیوون و بە گەورەترین کەشتی ئەودەمی دونیا دادەنرا. قورساییەکەی پەنجاو دووهەزار و سێسەدو دە تۆن و درێژاییەکەی دووسەدوشەست و پێنج میترو بەرزاییەکەشی بیست و هەشت میتر بوو. تایتانیک سێ ماتۆری گەورەی هەبوون کە دەیانتوانی خێرایی کەشتیەکە لە سەعاتێکدا بگەیەننە ٤٣ کیلۆمیتر. لە درووستکردنی کەشتیەکەدا باشترین تکنۆلۆژی سەردەم و هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی ئەمنیەتی و دژی نقووم بوون لە بەرچاو گیرابوون. ڕێبەرایەتی کەشتیەکە بە دەست کاپیتان ئیدوارد جان ئیسمیتەوە بوو. لە سەرجەمی دووهەزار و سێسەدکەس کە لە کەشتیەکەدا بوون، حەوتسەدو پەنجاکەس ڕزگاریان بوو. تایتانیک پازدە دەرگای دڵنیایی و ئەمنیەتی هەبوون کە ئەگەر بەسترابان، ئیمکانی ئەوە نەبوو ئاو لە شوێنێکی دیکەوە بێتە نێو کەشتیەکە. زۆربەی کارناسەکان لەسەر ئەوبڕوایە بوون کە مومکین نیە تایتانیک ڕۆژێک نقوم بێت. ئەو کەشتیە سێ کلاسی بۆ هەڵگرتنی ڕێبواران هەبوو. کلاسی دەرەجەیەک بۆ دەوڵەمەندەکان، کلاسی دەرەجە دووش بۆ ئەوکەسانەی کە توانای ئەوەیان هە بوو سەفەری ڕاحەت و لوکس بکەن و کلاسی دەرەجە سێش بۆ ئەو ڕێبوارانە بوو کە خەڵکی ئاسایی بوون کە دەکەوتە لای هەرە ژێرەوەی کەشتیەکە.

## ڕووداوەکە





شەوی چواردەی ئاپڕیلی ١٩١٢، لە سەعاتی ١١،٤٠ دەقیقەی شەودا، نیگابانی کەشتیەکە ڕای گەیاند کە کێوێکی سەهۆڵین لە پێش کەشتیەکەوە لەسەر سەر دەریا دێتە بەرچاو. دەبێ بگوترێ کە پێش ئەودەمیش تایتانیک لە کەشتیەکانی دەوروبەریەوە پەیامی بۆ هاتبوو کە ئەو شوێنە مەترسی دارەو پڕە لە پارچەسەهۆڵی کێوئاسا. خودی دەزگای ئیمینی تایتانیکیش چەندجار ئەلارمی دابوو و تاقمی ڕێبەریی کەشتیەکەی لە مەترسی کێوە سەهۆلینەکانی سەر ڕێگا و دەوروبەر ئاگادار کردبوەوە. بەڵام وادیار ە ئەو ئاگادارکردنەوانە بە جدی نەگیراون. پاش ئەوەی دیدەبان هاواردەکا کە کێوە بەفرێکی گەورە لە پێش کەشتیەکەوەیە، دەست بەجێ لە ژووری کاپیتانی کەشتیەکەوە فەرمان دەدرێ تا تایتانیک بەرەو لای چەپ بڕوا تا بەر کێوە سەهۆڵینەکە نەکەوێ. پاش تێپەڕینی ٣٥ چرکە بە سەر دەستوری کاپیتاندا، هیچ دژکردەوەیەک ئەنجام نەدرا و کەشتیەکە هەروا بە خێرایی ٤٠ کیلۆمیتر لە سەعاتێکدا بەرەو کێوێکی

سەهۆلینی گەورەی چەند ملیۆن تۆنی دەڕۆیشتە پێش. پاش تێپەڕینی ٣٧ چرکە کەشتیەکە دەستی بە سوڕان بەرەو لای چەپ کرد. کێوە سەهۆلینەکە بە پێش و بە قەراغی تایتانیکدا تێپەڕێ. کاپیتان پێی وابوو تایتانیک لە مەترسیەکە نەجاتی بووە. لە پڕ دەنگێکی گەورە لە لای چەپی کەشتیەکە کە خورپە و ترسی خستە دڵی کاپیتان و هەموو مەلەوانەکان بەرزبووەوە. بەڵی تایتانیک وەکێوە سەهۆڵینەکە کەوت. کاپیتان ئیسمیت، کە کاپیتانی ئەسڵی بوو، لە گەڵ ئەودەنگە بەرزە لە خەو ڕاپەڕی و پرسی چ قەڵماوە. پێیان گوت کە تایتانیک بەر کێوی سەهۆڵین کەوتوە. مەلەوانەکان وتیان هەموو ماتۆڕەکانمان خامۆش کردوون. بەمجۆرە خێرایی کەشتیەکە کەم کەم هاتە خوار وسەرەنجام وەستا. کاپیتان پرسی دەرگاکان داخراون، وەڵام درایەوە کە هەموو دەرگاکان داخراون. تۆماس ئیندرۆز، کە دیزاینەری تایتانیک بوو، بۆخۆی یەکێک بوو لە تاقمی فەرماندەیی تایتانیک. کاپیتان ئیسمیت، وتی بەشەکانی ٥،٤،٣،٢،١ پڕ لە ئاو بوون. ئەوە دەتوانێ چ بگەیەنێ؟ تۆماس بە ڕەنگێکی هەڵبزڕکاو وتی ئەوە مانای وایە تایتانیک خەریکە غەرق دەبێت. کاپیتان دەڵێ ئاخر ئەتۆ دەتگوت تایتانیک هەرگیز غەرق نابێت. بەڵێ من وتم ئەگەر بەشەکانی یەکەم و دوەم و سێهەم پڕ بن لە ئاو غەرق نابێ و تەنانەت ئەگەر بەشی چوارەمیشی پڕ بێ لە ئاو غەرق نابێت. بەڵام بەشی پێنجەم چی؟ ئێستا تۆ باسی ئەوە دەکەی کە بەشی پێنجەمیشی پڕە لە ئاو. کاپیتان پرسی چەندەمان وەخت هەیە؟ نازانم لانی زۆر دووسەعاتی تر بە دەنەو ئانتێنی تایتانیک دەکەونە ژێر ئاو.

## داوای کۆمەگ



جاک فیلیپس، سەعاتی دوازدەو چارەگی شەو پەیامێک بۆ کۆمەک خواستن بە شکلی مۆرس بەرێ دەکا. نزیکترین کەشتی لە تایتانیک کەشتیەک بوو بە ناوی کالیفۆرنیا. بەڵام چونکە ئۆپەراتۆری پێوەندی دار لەو کاتەدا لە حاڵی خەودا دەبێت، کالیفۆرنیا پەیامەکەی پێناگا. کەشتیەکی تر بە ناوی کارپاتیا پەیامی تایتانیکی پێدەگاو وەڵام دەداتەوە کە ئێمە بەرەو ئێوە وەرێ دەکەوین. بەلام ئەوان ٩٢ کیلۆمیتر لە تایتانیکەوە دوور بوون. سەعاتی دوازدە و چل و پێنج دەقیقە تایتانیک بە نیشانەی داوای کۆمەگ و بە هاوار هاتنەوە، دەست دەکات بە تەقاندن و هەڵدانی موشەکی بڵێسەدار. دواتر هەر دەدەقیە یەک موشەک هەڵدەدا. سەعاتی چواری شەو ئیدی شوێنەوارێک لە تایتانیک نامێنێ.



## کاپیتان ئیسمیت

کاپیتان ئیدوارد  ئیسمیت، یەکێک لە گەورەترین و بە ئەزموونترین ئەفسەرانی هێزی دەریایی ئینگلیستان بوو. ئەو لە ٢٧ی ژایۆنەی ١٨٥٠دا لە دایک بوو و لە ڕووداوی غەرقبوونی تایتانیکدا، لە شەوی ١٥ی ئاپریلی ١٩١٢دا  گیانی لەدەستدا.

ئەو ساڵانێکی زۆر  فەرماندەیی کەشتیە جۆراوجۆرەکانی ئینگلیسی کردبوو. دەیان سەفەری دەریایی گرنگ  و درێژماوەی  فەرماندەیی کردبوون.  چەند ساڵ بوو وەک فەرماندەی کەشتیە گەورەکان دیاری کرابوو و چەندین میداڵی سەبارەت بە ئەنجامدانی سەفەرە درێژماوەکان وەرگرتبوو. بەم جۆرە ئەو بوو بوو بە باناوبانگترین کاپیتانی دونیای سەردەمی خۆی و پاشان فەرماندەیی گەورەترین کەشتی ئەودەمی دونیای بە ناوی ئولۆمپیک پێ ئەسپێردرا. لە ١٢ی ژوئێنی ١٩١١دا  بە سەرکەوتوویەوە لە لێڤرپۆڵی ئینگلیستانەوە کەشتیەکی گەورەی بەرەو نیۆیۆرک لە ئەمریکا فەرماندەیی کرد. ئەو خاوەنی بەرزترین پلەی خویندنی دەریایی  و نیزامی و  بەرێوەبەریی بوو. یانی لە نێو ئەفسەرانی هێزی دەریای ئینگلیسدا لە پلەی هەرە بەرزدابوو. دواتر ئەو بوو بە فەرماندەی گەورەترین  کەشتی بوخاری  دونیای سەردەمی خۆی یانی کەشتی تایتانیک. ڕۆژی ١٠ی ئاپریلی ١٩١٢ ناوبراو لە حاڵێکدا باڵتۆیەکی دریژی دەبەردابوو و کڵاویکی شەپقەیی لەسەر نابوو، بە تاکسی بەرەو بەندەریی سوتهمپتۆن وەڕیکەوت. سەعاتی حەوتی سەرلەبەیانی گەیشتە تایتانیک. ئەوە دواسەفەری دەریایی ئیسمیت بوو. وەک وتمان سەعاتی یازدەو چل دەقیقەی شەو تایتانیک بەر کێویکی سەهۆڵین کەوت و کارەساتەکە ڕوویدا. پاش دوو سەعات و چل دەقیقە تایتانیک چووە نێو گەرووی ئۆقیانوسی ئەتڵانتیک. لەو کارەساتەدا کاپیتان ئیسمیت لە گەڵ ١٥٠٠ کەسی دیکە گیانیان لە دەستدا. هیچ کەس بە درووستی  نازانێت ئەو شەوە کاپیتان چی بەسەر هات و چۆن مرد. ڕابرت باڵارد، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە سەبارەت بەو روداو نوسیویەتی دەڵێ  کاپیتان لە ژووری فەرماندەیی دا لە وەتاخی کاری خۆی دا مایەوە و

هەرگیز کەشتیەکەی وێل نەکرد. دە دەقیقە پێش نقوم بوونی تایتانیک کاپیتان ویستویەتی بێتە سەر عەرشەی کەشتیەکە. لەو فیلمە بەناوبانگەدا کە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەمریکادا، لە سەر تایتانیک سازکراوە مەسەلەکە هەروا نیشان دەدرێ. کاپیتان ئیسمیت بە رەسمی ئەخلاقی فەرماندەیی و دەریاوانی، وەک کەشتیوانێکی بەرپرس ، کەشتیەکە لە دەستی قەیران و تۆفاندا، وێڵ ناکاو تێدەکۆشی تا دواهەناسە و ئاخرین فرسەت تایتانیک هیدایەت و نەجات بدا. سەبارەت بە چۆنیەتی مەرگی وی دەگوترێ کە کاپیتان لە ئاخر ساتەکانی ژیانیدا کە دێتە سەرعەرشەی کەشتیەکە، منداڵیک لە نێو ئاودا دەبینێ و شیرجە لێدەداو دەیگەیەنێتە قایەغێکی نەجات و ڕزگاری دەکا. دوای ئەوە کەس نازانێ ئەو چی بەسەردێ. تەرمی کاپیتان ئیسمیت هەرگیز نە دۆزرایەوە.

## هۆیەکانی کارەساتەکە

دوای ئەوەی تایتانیک بەر کێوە سەهۆڵینەکە دەکەوێ، لە لای خوارەوەڕا و لە پێشەوەڕا لە لای وچەپەوە کونێکی تێدەبێت و بەمجۆرە ئاو دەچێتە پێنج بەش لە سەرجەمی شازدە بەشی لای خوارەوەی کەشتیەکەوە . دەبێ بگوترێ بەدەنەی تایتانیک لە قەویترین پۆڵای سەردەم درووست کرابوو. دەگوترا کە ئەو دیوارە پۆڵاینانەی تایتانیک هیچ شتێک کاریان لێ ناکا. زەرفیەتی تایتانیک دووهەزاروچوارسەدوسیوپێنج ڕێبوار و هەشت سەدو نەوەدو دوو مەلەوان واتە خەدەمە بوو. لە ماوەی دووسەعات و نیودا تایتانیک پڕبوو لە ئاو و سەرەنجام نقوم بوو. ژمارەیەک لە ڕێبواران و خەدەمەی کەشتیەکە بە هۆی بەکار هێنان و کەڵکوەرگرتن لە قایەغەکانی نەجات توانیان دەربازبن. شایانی باسە بە هۆی بێ سەرەوبەرەیی و ناکارایی و نە شارەزایی بەشێکی زۆر لە کادری خەدەمەی تایتانیک، لە هەموو قایەغەکان بە چاکی کەڵک وەرنەگیراو هەندێکیان بە نیوەخاڵی دەڕۆیشتن ئەوە لە حاڵێکدابووکە جێگای بەتاڵیان زۆربوو کە دەتوانرا کەسانی دیکەی تێدا دانیشن. ئەوەش گرنگە بگوترێ کە ژمارەی قایەغەکانی نەجات لە چاو ژمارەی ئەو خەڵکە کە تایتانیک دەیتوانی هەڵیان بگرێ زۆر کەم بوون. ژمارەی بەلەمەکانی نەجات بەشی هەزاروسەدوهەشتاو حەوت کەسیان دەکرد، ئەوە لە کاتێکدابوو کە زەرفیەتی تایتانیک لە سێهەزاروپێنجسەدکەس تێدەپەری.

لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە بەشێک لەو بەلەمانەش کەڵک لێوەرگرتنیان زۆر سەختبوو و بە جۆرێک دامەزرابوون کە دەکارکردنیان هەم زەحمەت و هەم تکنیکی تایبەتی و شارەزایی پێویستی دەویست کە کادرەکانی کەشتیەکە نەیان بوو. لە بەرئەوەی تاقمی خەدەمەی تایتانیک بە پێی ڕێکەوتنی نێوان خۆیان، لە پێشا ڕزگارکردنی ژنان ومنداڵەکانیان خستە پلەی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی نەجات، بەشی زۆری ئەوانەی لە کەشتیەکەدا مردن پیاوان بوون. نەوەد لەسەدی ئەو پیاوانەی لە کەشتیەکەدابوون،بەهۆی ئەوە کە دەبوایە لە پێشدا ژنان ومنداڵەکان ڕاگوێزرابان هەرلەجێی خۆیان مانەوە تا تایتانیک غەرق بوو و لە هەوەڵین لەحزەکانی چونە نێو ئاودا لە ئاکامی شیدەتی سەرماو لە خوارەوەبوونی پلەی گەرمای ئاوەکەدا مردن و چەن سەعات دواتر تەرمەکانیان بەهۆی قایەغی نەجاتی ئەو کەشتیەوە گیرانەوە کە بە هاوار تایتانیکەوە

هاتبوو. وەک وتمان لە پێشا ئەوە ڕاگەیەنرابوو کە کەشتی تایتانیک هەرگیز غەرق نابێت و تەنانەت لەوبارە تەبلیغات و ڕێکلامی زۆریشی بۆ دەکرا. ڕاستیەکەشی ئەوەبوو کە بە جۆرێک تەراحی کرابوو کە غەرق نەبێت. وەک وتمان سەرەڕای ئەوەی کە تاقمی خەدەمەی کەشتیەکە لێکدا لێکدا بە بێسیم پەیامیان دەدرایە کە ئەو ناوچەیە خەتەرەو پێویستە زۆر وریابن، کەشتیەوان وخەدەمەی  تایتانیک گوێیان بەو قسانە نەدەبزووت و تەنانەت ئۆپەراتۆری بێسیمەکەش، لە بەر زۆری پەیامە نێردراوەکان، دواتر ئەو پەیامانەی پێی دەگەیشتن نەی دەدانە دەستی کاپیتان. با ئەوەش بلێین کە تاقمی فەرماندەیی تایتانیک بڕوایەکی زۆریان بە توانا و تەجروبەی خۆیان هەبوو و ئەوان بە پێی زانیاریەکانی خۆیان پێیان وانەبوو کە ئەوە ئیمکانی هەیە لە نێوەڕاستی مانگی ئاپریلدا لەو شوێنە لەتکە سەهۆڵی گەورە هەبن.

هەروەها ئەو ڕۆژە خۆر بەدەرەوە بوو  و دەریا هێمن و لەسەرەخۆبوو. هەوا  مەیلەو ساردبوو بەڵام خۆش بوو. بە هاتنی تاریکی پلەی گەرما بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی. ئەوە کاپیتان ئیسمیتی هێنا سەر ئەو بڕوایە کە وادیارە تایتانیک  دەکەوێتە ناوچەیەکی سەهۆلین و بەفراوی و سارد. بەو حاڵەش دژکردەوەیەکی ئەوتۆی نیشان نەداو  تەنیا دەستوری دا عەمبارەکانی ئاو پڕکەن نەوەک ئاو بیبەستێ و ئەوان بێ ئاو وەمێنن. هەروەها  فەرمانی دایە دیدەبانی کەشتیەکە و دوای لێکرد زۆر وریابێت و لە گەڵ دیتنی هەر لەتکە سەهۆلێکدا  دەست بەجێ فەرماندەیی کەشتیەکە ئاگادارکاتەوە. دوای ئەوە بە مەبەستی خەوتن چوە ژووری نوستنی خۆی. بەم جۆرە کاپیتان ئیسمیت، بەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەی، سەرەڕای ئەو هەموو لێوەشاوەیی و شارەزایی و لێهاتویی و کارامەیی و ئەزموونە زۆرە کە هەی بوو، توشی هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. ڕەنگە ئەوەی  ئەوی توشی ئەو هەڵە گەوەریە کردئەوەبێ کە ئەو بڕوایەکی زۆری بە کەیفیەتی کەشتیەکە ولێوەشاوەیی خۆی هەبووبێ. جیا لەوە ئەو  تەنانەت خێرایی تایتانیکیشی کەم نەکردەوە کە ئەو ڕۆژە بە ئاخرین خێرایی خۆی دەڕۆیشتە پێش. ئەوەشی دەزانی کە لە وەزعێکی ئاوا و لەو شەوە تاریکەدا ئەگەر کێوێ سەهۆڵین بێتە سەر ڕێ، زۆر درەنگ دەبینرێ . ئاخر مانگە شەو نەبوو و تەنانەت ئاسۆش زۆر دوورە دەست بووە تا بلێین تروسکایەکی دابێ.

زۆر ناکێشی دیدەبانەکە شتێکی زەبەلاحی گەورەی تاریکی دێتە  بەر چاو و لێی ورد دەبێتەوە و تێدەگا کە ئەوە کێوە سەهۆڵی سەر ئاوکەوتوە و دەستبەجێ چەند جار ئەلارم و زەنگی ئاگادار کردنەوەکە لێ دەدا تا خەدەمەی کەشتیەکە لەو مەترسیە گەورە وەئاگابێنێ. بەوەش  ڕاناوەستێ و دەچی ئەفسەری کێشکچی ئاگادار دەکات کە لەتکەسەهۆڵێکی کێو ئاسا ڕاست لە پێش تایتانیکەوە دێتە بەرچاوان. ئەفسەری کێشکچی دەستور دەدا کە ماتۆڕەکانی کەشتیەکە دەست بەجێ خامۆش کرێن. فەرمانیش دەدا تایتانیک ڕوو و لای چەپی خۆی بسوڕێ. بەڵام  تازە  درەنگ ببوو و کەشتیەکە  لە لای چەپەوە بەر شاخەسەهۆڵینەکە دەکەوێ. کادری تایتانیک وادەزانن کە توانیویانە کەشتیەکە لەو بەڵایە لادەن چوونکە تەنانەت دوای ئەوە کە کەشتیەکە یەکەم جار بەر سەهۆڵەکە دەکەوێ دەنگێکی ئەوتۆی لێ نایە. لەگەڵ هەوەڵین بەرخورد دا لەتکە سەهۆڵێکی گەورە  دەکەوێتە سەر بانی کەشتیەکە. بەو حاڵەش تایتانیک جوڵە ناکا و تەنیا بە ئاستەم

لەرزەی لێ دێ. بەڵام لە لای دواوەڕا کونێکی تێ دەبێت و چەند دەقیقە ناکێشی کە بە تەوای دەوەستێ .

لە کاتی کارەساتەکەدا، بەشی هەرەزۆری خەڵکەکە نوستبوون. جگە لە چەن کەس نەبێ کە لە شوێنێکی تایبەتیدا جگەرەیان دەکێشا، کەس ئاگای لێ نەبوو چ قەڵماوە. بەشێکیش لە خەڵکەکە خەریکی خواردنەوە و سەرگەرمی و عەیش و نۆشی خۆیان بوون و تەنانەت دوای ڕووداوەکەش هەر ڕانەچڵەکین. چەند کەس لەوان دێنە سەرێ و چاویان بە لەتکە سەهۆڵەکانی سەرکەشتیەکەش دەکەوێ، بەڵام مەسەلەکە بە هێند ناگرن و دەڕۆنەوە خوارەوە . دوای وانیش کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە دێنە سەرێ و بەلام دەڕۆنەوە خوارە و بۆ یەکتر باسی ڕووداوەکە دەکەن. وادیارە ئەوان هێشتا لە قوڵایی کارەساتەکە ئاگادار نەبوونە. بەڵام بۆ کادری تایتانیک مەسەلەکە وانیە. ئەوان کە دەبین ئاوێکی زۆر دەڕژێتە کەشتیەکەوە، دەزانن مەسەلەکە جدیەو تایتانیک لە مەترسی غەرقبوون دایە. پاش وەستانی تایتانیک ئەندازیارەکان دەبین کون کەوتۆتە لایەکی کەشتیەکەوە و پێنج بەش لە شازدەبەشی تەبەقەی خوارەوەی کەشتیەکە پڕدەبن لە ئاو.

## نەجات دانی خەڵک



کاپیتان ئیسمیت ناتوانێ کارەساتەکە شیبکاتەوە،بەڵام هەندێک هەنگاوی عەمەلی دەگرێتە بەر. دەستووردەدا کە پەیامی هاوار بۆ کۆمەك بنێرێ و پاشانیش موشەکی تایبەتی حاڵەتی خەتەر بەرەو ئاسمان هەڵدەداو دەستووری ئەوە دەدا بە وەسیلەی قایەغەکانی نە جاتەوە دەستبکەن بە نەجات دانی خەڵکەکە. وەک باسمان کرد لێرەشدا کاپیتان زوو بۆی دەرکەوت کە لە ڕاگوازتنی خەڵکەکەش دا گیروگرفتی گەورەی لە سەر رێ یە. قەیاغەکانی نەجات زۆر کەمتر لەوەبوون کە بەشی ڕاگوازتنی هەموو خەڵکەکەبکەن. دەبێ بگوترێ کە خەڵکەکە ئاگایان لەو مەسەلە نەبوو هەر بۆیە لە سەرەتاوە زۆر هێدی و لە سەرخۆ ژوورەکانی خۆیانیان بەجێ دەهێشت و پەلەپەلێکیان نەبوو. ئاخر ئەوان هێشتاش لە سەر ئەو بڕوایەبوون کە ئەوان ئێستاشی دەگەڵبێ هەروا لەسەر کەشتیەکی گەورەن کە غەرقبوونی بۆ نیە. ئیسمیت فەرمانی دا لە پێشدا ژنومنداڵەکان ڕاگوێزرێن. دیارە زۆری واش هەبوون نە دەچوونە نێو بەلەمەکانی نەجاتەوە و

لەوبڕوایەدابوون کە کەشتیەکە لە بەلەمەکان بێ مەترسی ترە. هەندێک لە مەلەوانەکانیش کە دەیانزانی چخەبەرە ولە قوڵایی کارەساتەکە ئاگاداربوون، بەلەمەکانی نەجاتیان ئازاد نەدەکردن و دەیانەویست هەندێک لەوان دوایە بۆ نەجاتدانی خۆیان دەکارکەن. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکانی هەژار کە لە قسمەتی دەرەجە سێی خوارەوەی تایتانیک دابوون ، وێلکرابوون و کەس کارێکی بەوان نەبوو. ئەوان لە شوێنی خۆیاندا مابوونەوە و دەشیانزانی لە کەشتیەکەیاندا چ قەڵماوە. ئەوان چونکە لە تەبەقەی هەرەخوارەوەی تیتانیک دابوون یاخرین کەسانێک بوون دە بۆ دەربازبوون نۆرەیان دەگەیشتێ. دیارە هیواش هەبون کە دەولەمەند و دەستەلاتدار بوون بە هەموو جۆرێک تێدەکۆشان نۆرەبڕەی بکەن یا بەزۆری و زۆرداری دەچونە نێو قایەغەکانی نە جاتەوە. هەندێک هەڵوێستی بەرز دەبینرێن کە پێویستە باس بکرێن. هەندێک ژن کە نۆرەیان دەهات بڕۆنە نێو قایەغەکانی نەجات، مێردەکانی خۆیانیان بەجێ نەدەهێشت دەمانەوە، تەنانەت یەکێک لە ژنەکان سواری قایەغەکەش دەبێ، بەڵام کە لەخوارەوەڕا تەماشای هاوسەرکەی دەکا، دڵی نایە بەجێی بێڵێ ودەگەڕێتەوە نێوکەشتیەکە. دەڵێن ئەو ژنومێردە دواتر دەستیان تێکگرتوو لە سەرکەشتیەکەوە لە گۆشەیەک دانیشتن و تەماشای وەزعەکەیان دەکرد. هیواش هەبوون کە وەختێک زانیان چارەنوسیان مەرگە، دەچنەوە ژوورەکانیان و خۆیان دەگۆڕن و دێنەوە سەرکەشتیەکەو دەڵێن ئێمە جوان ژیاوین و دەشمانەوەێ جوان و سەریحاڵیش بمرین.

هەروک وتمان لە پێوەندی لە گەڵ ئۆپەراسیۆنی نەجاتدا کائۆس واتە بێسەرەوبەرەیی درەست دەبێ. تیپی مۆسیقای کەشتیەکە، دەستدەکات بە مۆسیقا لێدان. لەورێگایەوە دەیانەوێ ترسی خەڵک برەوێیننەوە وخەڵکەکە ئارام کەنەوە و وانیشان دەن کە وەزع ئاساییە. ئەوان تا کاتی غەرق بوون درێژەیان بە مۆسیقا لێدانی خۆیاندا.

## وێکچونەکانی نێوان کۆمار و تایتانیک و پێشەواو کاپیتان ئیسمیت

هەم کەشتی کۆماری کوردستان و هەم کەشتی تایتانیک لە ئاکامی گۆرانی کتوپری وەزعەکەدا توشی ئەو کارەساتە دەبن. گۆڕانی هاوکێشە وفاکتۆرەکان. بۆ کۆماری کوردستان گۆڕانی وەزعی نێونەتەوەیی و ڕێکەوتنی زلهێزەکان و شکانی ئازەربایجان. بۆ تایتانیکیش گۆڕانی ئەو هەوا و جەوی دەرەوەی کەشتیەکە و دابەزینی خێرایی پلەی گەرما کەوتنە نێو ناوچەیەکی دەریایی پڕ لە گردەسەهۆڵ.

کەشتی تایتانیک چوار رۆژبوو بە ئۆقیانووس دا دەهات و وەک ماسی گەورە شەرپۆلەکانی دەبڕین بێ گیروگرفت دەرۆیشتە پێش. کەشتی کۆماری کوردستانیش نزیکەی ساڵێک دەبوو وەڕی کەوتبوو. هەرچەند گیروگرفتی زۆری لە سەر رێبوون بەڵام دەڕۆیشتە پێش.

ئەگەر پێشەوا وەک کاپیتانی کەشتی کۆماری کوردستان لەنێو ڕێبەرانی ئەودەمی کوردا لێوەشاوەترین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو بۆ ڕێبەرایەتی، کاپیتانی تایتانیکیش لە مەیدانی کردەوەدا ئیمتیحانی دابوو، دونیایەک ئەزموون وزانست و زانیاری دەریاوانی هەبوو و

هەموو عومری خۆی لە دەریاکاندا بردبوە سەر . دەیان نیشان و میداڵی ئیفتیخاری تا ئەودەم وەرگرتبوون. دیارە تەمەنی پێشەوا کەمتر بوو کاپیتان ئیسمیت قەرار بوو لەو سەفەرە بگەڕیتەوە خانەنشین بکرێ.

ئەگەر بۆ کەشتی تایتانیک لەو قەیرانەدا کە تێی کەوتبوو، هاوار و کۆمەگ زۆر دووربوو. وەک وتمان کەشتی کالیفۆڕنیا کە نزیکترین کەشتی بوو لە تایتانیک پەیامی تایتانیکیان پێنەگەیشتبوو و خەوتبوون. کەشتیەک پەیامەکەی ئەوانی وەرگرتبوو و وەڵامی دابووە وە ٩٢ کیلۆمیتر لێیەوە دووربوو. بۆ کەشتی کۆماری کوردستان هەر هیچ ئومێدێک نەبوو. هەموو دونیا خەوتبوو. لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە هەموو دونیای دەوروبەر دەستیان وێکدابوو لە دژی کۆمار و پێشەوا. رووسیە و ئینگلیس و ئەمریکا بۆخۆیان ببونە فاکتۆری دژی کۆمار. وانیە پێشەوا داوای کۆمەگی نەکردوە. پێشەوا لە سەرەتادا هەر کەزانی کەشتیەکەی لە دەستی تۆفاندایە دیپلۆماسیەکی چالاکی بەکارهێنا تا لانی کەم نەیەڵی کەشتیەکەی وەرگەڕێ. چ دەگەڵ نوێنەرانی شورەوی و چ دەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمریکا پێوەندی هەبوو و داوای کۆمەگی لێدەکردن. بەڵام رووسیە لە پشتەوە و لە پێشەوەرا خەنجەری لە کۆمار و پێشەوادا و ئەوانی تریش هەر لە ئەساس دا دژی کۆمار و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی و ئازادیخوازی کوردبوون و داوایان ئەوەبوو پێشەوا واز لە بەرنامەی سیاسی خۆی و کۆمار و میللەتەکەی هەڵگرێ. یانی ئەوان داوایان لە پێشەوا ئەوە بوو ئەویش بۆ غەرقکردنی تایتانیکی کۆماری کوردستان یارمەتیان بدات. بەڵام پێشەوا ئەوەی نەکرد.

کاپیتان ئسمیت بە رەسمی ناخودایی و دەریاوانی، تا ئاخر لەحزە هەرچی لەتوانای دابوو بۆ ڕزگارکردنی تایتانیک و بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە تێکۆشا. ئەو وەتاغی فەرماندەیی و ڕێبەرایەتی کەشتیەکەی بە جێنەهێشت. کاپیتان و ئەو موهەندیسە کە کەشتیەکەیان درووستکردبوو تا سەر لە کەشتیەکەدا مانەوە. ئەوانیش دەیان توانی دەربازبن و ڕاکەن . ئەوان لە هەمووکەس و لە پێش هەموو خەڵکەکەدا زانیان و دەیانزانی وەزعەکە چەندە خەتەرە، بەڵام ئیحساسی مەسئولیەت بەرامبەر تایتانیک و خەڵکەکە و مێژوو ، وای لێکردن تاسەر وەمێنن و کاری رێبەری و موهەندیسی خۆیان بکەن. ئەوان تایتانیکیان لە دەستی تۆفاندا بە جێنەهێشت و بەم جۆرە ئەوسونەتەی دەریاوانی و کاپیتان بوونیان هێندەی دیکەش جێگیرکرد. پێشەواش کەشتی کۆماری کوردستانی لە گەردەلوول و تۆفاندا بە جێنەهێشت. ئەویش دەیتونی سوواری قایەغی نەجات بێ و خۆی دەربازکات. بەڵام ئەوەی نەکرد. بڕیاری دا وەمێنێ و تا ئەوجێ یەی دەکرێ نەیەڵی موسافیرەکانی کەشتیەکەی واتە خەڵکەکەی زیانیان وێکەوێ. ئەو مایەوە تا موسئولیەتی هەموو شتێک وەئەستۆبگرێ. لە راستیش دا هەرچی لەتوانای دابوو ئەنجامی دا بۆ دیفاع لە کۆمار وکارنامەی کۆمار و داخوازەکانی میللەتی کورد. لە دادگادا و تەنانەت لە سەر سێدارەشد ا، بە ئامانجەکانی میللەت و کۆماری کوردستان وەفادارمایەوە. ئەو لە ئاخر لە حزەی ژیانیدا کە چاویان دەبەست بیبەنە سەر سێدارە وتی چاوم مەبەستن. من بەرامبەر وەتەن و میللەتەکەم ڕووسورم و دەمەوێ لە یائاخر لەحزەی ژیانیشمدا چاوم لە نیشتیمانە جوانەکەم بێ. کاپیتان ئیسمیتش دەدەقیقە پێش نقوم بوونی تایتانیک دێتە دەرێ و تەماشای دورەوبەردەکا.

وەک بیەوێ ماڵئاوایی لە تایتانیک و دەریاو ژیانبکات، لە پڕ چاوێ بە منداڵێک دەکەوێ لە نێو ئاوەکەدا شیرجەلێدەداو دەیگرێتەوە و دەی هاوێتە نێو یەکێک لە قایەغەکانی نەجات وتەنانەت لەو لەحزەی ئاخیرەشدا کە لە دەستی دێوەزمەی مەرگدادەبێ و دەرفەتی بۆ دەلوێ ڕابکا، ناچێتە نێو قایەغەکەو دەگەڕێتەوە لای تایتانیک بەڵام ئیدی کەس نەیزانی دوایە

چی بەسەر هات. پێشەواش لە دواساتەکانی لە دوا لەحزەکانی ژیانیدا دەڵێ ئێستا ئێوەمن دەکوژن بەڵام سبەی هەرمنداڵێکی کوردستان دەبێتە قازی محەدێک و ئاڵای خەباتی من دەباتەپێش. بەواتایەکی دی دەڵی من لە ژیانی نەسلەکانی داهاتووی میللەتەکەمدا دەژیم. کاپیتانی تایتانیکیش، ڕەنگە ئەو حەڕەکەتەی دواساتەکانی ژیانی بۆ شیرجەلێدان و گرتنەوەی منداڵێک و گەیاندنی بە قایەغی نەجات ، ڕەنگە هەر حەرەکەتێکی سەمبولیک بووبێ بۆ ناردنی ئەو پەیامە تا بڵێ من تا ئاخر لە حزە ئەوەی لە دەستم هات درێخیم نەکرد و هەرئەوەندەم لە دەست هات.

پێشەوا لەزینداندا جارێک خەبەری دەدەنێ لە ئێمە دەتوانین بێین و ڕزگارت کەین، بەڵام ئەو ئەوە قبووڵ ناکاو دەمێنێتەوە و دواتر لە دادگادا ئازایەنە بەرگری لە کۆمار و داخوازەکای کورددەکا و حکومەت تاران دادگای دەکا. یانی پێشەوا دوای گیرانیشی ریسمانی نەجاتی بۆ هەڵدەدرێ و قایەغی نەجاتی دەستدەکەوێ، بەڵام ڕاناکات و تاسەر دەمێنێتەو و مەسئولیەتی بزووتنەوەی کورد و دیفاع لە بەرنامەی حیزب وەئەستۆدەگرێ.

ئەگەر5 سەعات دوای غەرقبوونی تایتانیک کۆمەگ هات، ئێستاشی دەگەڵ بێ هیچ یارمەتیەک لە دەرەوەڕا بۆ پێشەوا و میللەتی پێشەوا نەهات و بۆ کۆکردنەوەی تەرمەکانیشمان کەسمان بە هاوارنەهات و تەنانەت کەس دەنگیشی لێوەنەهات. بۆ کورد هەموو دونیا ببوو بە کەشتی کالیفۆرنیا، بەو جیاوازیەوە کە بۆ ئێمە بە ئەنقەست خەویان لەخۆیان خستبوو.

ئەگەر کاپیتانی تایتانیک بە هەر هۆیەکەوەبێ سەرنجی نەدا ئەو سیگناڵانەی بۆی دەهاتن و پێیان دەگوت کە تایتانیک لە خەتەردایە، پێشەوا، ئاگابوو لەو مەترسیانەو هەر لە ئەوەڵەو دەیزانی کا کارێکی پڕمەترسی دەستداوەتێ. ئەو دەیزانێ میللەتێکی گەورەی وەک کورد دەبێ وەک میللەتانی دیکە حەقی ژیانی ئازادی هەبێ. دەشیزانی بۆ ڕزگاری میللەتی کورد خەباتێکی سەخت پێویستە. هەر بۆیە حیزب و بەرنامەی بۆ ئەو خەباتە دانان. بەڵام پێشەوا بڕوای بەوەنەبوو کە بۆ خەبات دەبێ ڕێگا تەختبکرێ و جادوایە ئەو و میللەتی کورد پێیدابڕۆن. ئەو ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی وەک پاڕامیترێکی گرنگ دەدی و هەموو هەوڵی ئەوەبوو هێزوتواناو و ئیرادەی میللەتی کورد رێکبخا و مۆبیلیزەیبکاو بیخاتە خزمەت شۆڕشی کوردەوە تا کورد ببیتە فاکتۆری سیاسەتی ئێران و ناوچە. یانی ئەو دەیەوێست خۆشبینی شناخت بخاتە خزمەتی خۆشبینی ئیرادەو و خۆشبینی ئیرادەش والێ بکا کە نەکەوێتە خاڵی بەرامبەری خۆشبینی شناخت. ئەوەشی کرد ئیرادەی میللەتی کوردی بۆ ئازادی هەڵخراند و ئەوەتا ئێستا ئەو ئیرادەیە لە مەیدان دایە و بۆتە عامیلێکی گرنگی سیاسەت لە ناوچەداو کەس ناتوانێ کورد نەبینێ.

وەزعەکە بە جۆرێکە کە کورد ئەگەر هەلومەرجی نێونەتەوەیی یارمەتی دەری دەستکەوێ ، یانی خۆشبینی شناخت بکەوێتە خزمەت خۆشبینی ئیرادەی کورد، کورد زۆر دەڕواتە پێش و لە سەرکەوتنی ئەکجاری نزیک دەبێتەوە. بەڵام لە هەرحاڵدا یارمەتی دەرەکی تەنیا یارمەتیە و بەس. بابێ چاوەڕوانیمان ئەوەبێ سەربازی فەرانسەوی و رووسی و ئەمریکایی بێن لە کوردستان بۆ ڕزگاری کوردستان شەربکەن. ئەوەکاری کچوکوڕی کوردە ببنە پێشمەرگە و لە کوردستان چەکی خەبات و بەربەرەکانی بۆ ئازادی کوردستان بکەنە شانیان. پێشەوا ئاگاداری چاک دەیزانی کەشتی خەباتی گەلی کورد و کۆماری کوردستان بە نێو ئۆقیانوسێکی پڕمەترسی دا تێدەپەڕن. دەشی زانی هەر لەحزە مومکینە کێوەسەهۆڵی گەورە بێنە سەر رێگای کەشتیەکەی، بەڵام ڕێگا چارەی دیکەی نەبوو. کەشتی ژیان و خەباتی میللەت کورد هەر لە ئاساسدا لە دەریای پڕ گەلدەلوول دابوو . پێشەوا تەنیا کاری ئەوە بوو سوکانی ئەو کەشتیە وێڵە دوای کەشتیەوانەکانی پێشخۆی بگرێتە دەست و تێکۆشی هیدایەتی بکات. بۆ ئەوەش زۆر لێوەشاوە بوو.

**ئەودەرسانەی رێبەرانی ئێستای میللەتی کورد دەبێ لە کارەساتی غەرقبوونی تایتانیکی وەری بگرن کامانەن؟**

- **ڕێبەرایەتی هەمیشە مەسئولیەتە.**

ئەوە کەکەشتی تایتانیک دووچاری ئەو وەزعەبوو، لە پێش هەرشتێکدا، لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە رێبەرایەتی کەشتیەکە کەمووکوڕی هەبوو. کاپیتان ئیسمیت، سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموون و لێوەشاوەییە و سەرەڕای ئەو هەموو زانایییە، گوێ ناداتە ئەو پەیام و ئینزار و ئەلارم و سیگناڵانەی لە کەشتیەکانی دورووبەریەوە پێیدەگەن. جیالەوە کە دەبینێ لە پڕ پلەی گەرما دێتە خوار و دەشزانێ ئەوەنیشانەی ئەوەیە کە تایتانیک کەوتۆتە شوێنێکی سارد و پڕ لەتکە سەهۆڵی گەورە، بەوحاڵەش دژکردەوەیەک نیشان نادا و تەنیا دەستوردەدا تا دیدەبانی تایتانیک ئەگەر چاوی بە کێوەسەهۆڵ کەوت دەست بەجێ وەتاغی فەرماندەیی ئاگادارکاتەوە. تەنانەت دەستووری ئەوەنادات کە سورعەتی تایتانیک کەمیش کاتەوە کە ئەودەم لەوپەری خێرایی خۆی دابوو. لەوەش خراپتر ڕاست لەو کاتەدا دەچێتە ژووری خەوتنی خۆی.

ڕێبەرایەتی یانی لیدەرشیپ دەگەڵ بەڕێوەبەیی واتە مەنیجمێنت فەرقیان هەیە. ڕێبەر دەبێ هەست بە مەسئولیەت بکا و مەسئولەیەت لە خۆی نیشاندا. ڕێبەر دەبێ بگەڕێ، سازماندەهیبکا، قسانبکا، خەڵکبدوێنێ، کۆسپان لابەرێ، خەڵک و هاوکارەکانی هانبدا. پێرسونێلی خۆی پەروەردە بکا، مەشق ڕاهێنان بەو هاوکارەکانی خۆی بکا، دەکاریان کا، گوێیان لێبگرێ و گوێبگرێ، چاوان بگیرێ و بزانێ وەزع چۆنەو فاکتەکان هەلسەنگێنێ و مشۆرەت بکا و لە کاتە حەساس و سەرپێچە گرنگەکان دا بێتە پێشەوە نەک بڕواتە ژووری خەوتن. تەنیا خوا دەزانێ کاپیتان ئیسمیت بۆ گوێی نەداوەتە ئەو فاکتانەی لە بەردەستی دابوون و هەموویان سیگناڵی مەترسی داربوون.

هاوكارەكانی و كەشتیەكانی دوروبەری ئاگاداریان كردبوەوە كە ئەو ناوچەیە پڕیەتی لە كێوەسەهۆڵی دەیان ملیۆن تۆنی.

بەڵێ ڕێبەرایەتی مەسئولیەت قبووڵكردنە. ڕێبەر بەرپرسایەتی هەموو ئەو شتانەی لە ئەستۆیە كە بە چاك و خراپەوە بۆ بزووتنەوە یا حزبەكەی دێتە پێشەوە. هیچ كەس كە خۆی بەرێبەر بزانێ ناتوانێ مەسئولیەت لە ئەستۆی خۆی داڕنێ.

- **تا گەورەتر بی دەبێت ئینعتاف پەزیرتر، نەرم تر، بە دەستوبردتر ، وچالاكتر و هەڵسوڕتربیت.**

تا بزووتنەوە گەورەتر بێ، تا حیزبەكەت گەورەتربێ، تا كەشتیەكەت گەورەتربێ، تا ڕێبەرایەتی خەڵكێكی زۆرتربكەی، تا خەڵكی زۆرتر چاویان لێت بێ، دەبێ توانای ئەوەت پتر تێدابێ زوو خۆ لە گەڵ وەزع بگونجێنێ، ئەگەر پێویست بوو خێراتر مەسیر بگۆڕی، زووتر وەدەستبێیت، چاپووكتر بجولێیەوە، تیژبینتر بی، دووربینتربی. كاتێك دیدەبانی تایتانیك كێوەسەهۆلینەكە دەبێنی، هاواردەكا و ئەلارمی ئاگاداركردنەوە لێدەداو تەنانەت خۆی دەگەیەنێتە ئەفسەری كێشكچیش، كەچی ٣٧ سانیەش بە سەر ئەوەدا رادەبرێ و هێشتا ئەوانەی كەشتیەكە لێدەخوڕن دژكردەوەیەك لە خۆیان نیشان نادەن. یانی چاپووكی و نەرمی و توانای مەسیرگۆڕین و خۆخڕكردنەوە و تەنانەت كەمكردنەوەی سورعەت و ئەوەشتانەیان نابێ و بەوەخت ناجولێنەوە. ئەگەر ئەوان دە ست بەجێ جوڵابان و تایتانیكیان بە لایەكی دیكەدا بردبا، ڕەنگە تایتانیك وە كێوەبفرینەكە نەكەوتبا. ئاخر ٣٧ سانیە لە جێی خۆیدا زۆرەو دەكرا كەڵكی لێوەرگیرابا. كەواتە دەبێ تەشكیلاتی گەورە و بزووتنەوەی گەورەو و حیزبی گەورە، زۆرتر نەرم و كارا و هەڵسوربن و خۆیان گیرۆدەی داوی بورۆكراسی و قەیدوبەنی جۆراوجۆرنەكەن و بتوانن بە وەخت بڕیار بدەن و كردەوە لە خۆ نیشاندەن. سیاسەتەكانمان، پلان و موقەڕەرات نابێت ببنە دەست و پێ گیر. لە ئەساسدا هەموو ئەوانە بۆ ئەوەن كار ئاسانتر و زووتر ڕاپەڕێ. وەختێك دەبینین حیزب و بزووتنەوە كەوتونەتە جێگایەكی پڕمەترسی و خەتەر و خەریكە توشی شاخەسەهۆڵی زەبەلاح و پڕمەترسی دەبن نابێ هیچ سیاسەت و تێبینی و بوروكراسی و موقەرەراتێك پێشی مەسئولیەت نیشاندان و كردەوەی بەجێمان لێبگرێ. واتە حیزب و بزووتنەوەی گەورە و ڕێبەرایەتیەكانیان ئینگلیسی گوتەنی دەبێ فلێكسیبل واتە نەرم و چاپوك و تەڕدەست بن. دەبێ توانای ئەوەمان هەبێ هەركات پێویست بێ كەشتی تایتانیكی خۆمان وەرسوڕێنین و بەولایەیدا هیدایەت كەین كە باشترە. لە پێشخۆتەوە شاخەسەهۆڵ ببینی و دەست لەسەردەست دانێی و بە تەمای قەزاوقەدەربی، پێی ناگوترێ ڕێبەرایەتی.

- **نادرووستی دابڕدابڕکردنی خەڵک و هەڵاواردن و لێکجیاکردنەوەیان**

دابەش کردنی خەڵک لە حیزب و بزووتنەوەدا بە خودی و ناخودی، نزیک و دوور، خزم و ناخزم، دەستەی من و دەستەی ئەویدی، ناوچەی من و ناوچەی ئەوی دی، لەهجەی من و لەهجەی ئەوی تر، لە کاتی خەتەر وپڕمەترسی و قەیراندا، زیانەکانی زۆر زوو دەردەکەون. ئەو دابەش کردنە زەرفیەت و لێوەشاوەییەکان و تواناکان بە خەساردەدا. مەیدانی کار و تێکۆشان و شان وەبەردان بەرتەسک دەکاتەوە.

کاتێک تایتانیک لە حاڵی غەرق بوون دابوو، هەموو سەرنشینەکانی پێکەوە لە مەترسی و خەتەردابوون. فەرماندە و مەلەوانەکان و دەوڵەمەندەکان و تەنانەت کرێکار و کارمەند و خەلکە هەژارەکەی تەبەقەی خوارەوەش، هەموو پێکەوە لە مەترسی دابوون و پێکەوەش تێداچوون. یانی یەک چارەنووسیان هە بوو. تەبەقەبەندی خەڵک لە تەشکیلاتدا، لە حیزب و بزووتنەوەدا، لە نێومیللەدا، تەنیا ئەوەندە باشە کە ببێتە مایەی باشتر ڕاپەڕاندنی کارەکان و ڕوونکردنەوەی مەسئولیەتەکان. خۆمە خۆمە و ناوچەگەرایی و ڕەفیقبازی و خزمبازی و هاوشاری گەری وئەو جۆرە معیارانە، تەنیا بەزیانی حیزب و تەشکیلات و بزووتنەوە تەواو دەبن و کەشتیەکە تووشی کائۆس و ئەنارشیزم دەکەن. تایتانیک کرابوو بە سێ کڵاس و ئەوانەی لە کڵاسی خوارەوە یانی کڵاسی دەرەجەسێ دابوون پشت گوێخرابوون. وێڵکرابوون، ئەوان زۆربەی حەشیمەتی نێو تایتانیک بوون بەڵام کەس ئەوانی بۆ گرنگ نەبوو، مشۆرەتیان پێ نەدەکرا، لە وەزعە سەخت و دژوارەدا کە بۆ تایتانیک لە گۆڕێدابوو کەس لە بیری ئەوەدانەبوو لە توانا و کار و زەرفیەتی ئەوان کەڵک وەرگرێ. فەرماندەیی کەشتیەکەش زۆرتر هەر ئەو گەشتیار و ڕێبوارانەی وەبەرچاو دەهاتن کە لە کڵاسی یەکەم و دووهەم دا دانیشتبوون. لە کاتی وەڕێخستنێ عەمەلیاتی نەجاتیش دا ، ئەوە هەر ئەوانە نۆرەیان بوو کە لە کلاسی یەکەم و دووهەم دابوون. وەکوتریش لە سەرتاسەری سەفەرەکەدا دانیشتوانی ئەو دوو کڵاسە هەموو ئیمکانات و ڕەفاهیەتێکیان لە ئیختیار دابوو. بار، سالۆنی وەرزش، چێشتخانەی باش،خواردن و خواردنەوەی هەمەجۆر،حەمامی تورکی و دانسینگ و ژووری لوکسی نوستن و یاریگاو بە کورتی هەموو نیعمەتەکانی خوا. کەچی ئەوانەی تەبەقەی خوارەوە هیچ ئیمکاناتێکی ڕەفاهی بەرچاویان نەبوو، دەنگە دەنگی ماتۆرەکان و بۆنی ناخۆشی خەڵوز و ژاوەژاوی نێوکەشتیەکەش هەر بۆ ئەوان بوو. کە تایتانیکیش کەوتە خەتەر ئەوە ئەوان بوون پێش هەرکەس بوونە نووکی هێرش و حەملەی خەتەر و مەترسی. کەچی لە کاتی ڕاگوازتندا ئەوان هەر کەس ئاوڕیشی لێنەددانەوە. دەڵێن لە سەدا نەوەدی ئەوانەی تێداچوون کەسانێک بوون لەوان.

بۆیە لە تەشکیلات و حیزب و بزووتنەوەدا دەبێ دیوارەکانی نێوان خەڵکەکە تێکدەین. دەبێ کارێک بکەین هەموو هەست بکەن دەگەڵن و تەئسیریان هەیە و دەبینرێن و بە هێند دەگیرێن. دەبێت هەموو ڕێبوارانی کەشتی حیزب و تەشکیلات و بزووتنەوە هەستبکەن کە ئەوانیش لە گەڵ خەڵکەکەی دی سەوڵ لێدەدەن و بە جهەت و مەسیری ئەواندا حەرەکەت دەکەن. سازکردنی دیواری خودی و غەیرە خودی، ئەویش بەو شێوە کە تاقمێکی بچووک خودی بن و بەقیە غەیرە

خودی بن، حیزب و بزووتنەوە لە زەرفیەتێکی زۆری خەباتگێرانە بێ بەش دەکات. بە تایبەتی دەبێ لە بیرمان بێ لە کاتی قەیران و تۆفان و کارەساتە سەخت و هەلومەرج دژوارەکان دا، کە هەلومەرجی خەباتی ئێمە هەمووی وایە، ئینسانەکان هەموویان خاوەن بایەخی وەک یەکن و بەرانبەرن.

- **حەقیقەت دەگۆڕێ**

دەگوترا تایتانیک قەت نقوم نابێت. هەموو خەڵکەکەو تەنانەت کاپیتان و ئەندازیارەکانیش لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە تایتانیک غەرق نابێ. ڕەنگە هەر لە بەر ئەوەش بووبێ کە بە ئەندازەی زەرفیەتی تایتانیک ، جلیتقە و قایەغی نەجات لە کەشتیەکەدا نەبوون. ئاخر ئەوان هەرگیز بیریان لەوە نەکردبۆوە کە ڕەنگە وەزعێک بێتە پێش کە پێویست بێ هەموو ڕێبوارەکانی سەر کەشتیەکە ڕاگوێزرێن. ئەو قایەغانەی لە کەشتیەکەدا بوون ، لە باشترین حاڵەتدا تەنیا بەشی نەجاتدانی نیوەی سەرنشینەکانی تایتانیک دەبوون. ئەو بیرە یا ئەو ئامرازە کە دوێنێ بووەتە هۆی سەرکەوتنمان، ڕەنگە سبەینێ ببێتە هۆی کەوتن وشکەستمان. بۆیە دەبێ هەمیشە فێربین و خۆمان و زانیاری و لێوەشاوەییمان بەرینەسەر و پێمان وانەبێت ئەوەی دەیزانین بەسە. هەموو حەقیقەتەکان دەگۆڕێن تەنیا یەک حەقیقەت نەبێت. ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتێک و هەموو ڕاستی و حەقیقەتێک لە حاڵی گۆڕاندایە.

- **تکنۆلۆژی نابێت جێگای ڕێبەرایەتی بگرێتەوە**

چاک دەزانین کە ئێستا تکنۆلۆژی لە چڵەپۆپەی پەرەسەندن دایە. بەڵام کاتێک تکنۆلۆژی هەڵەدەکات، ئەوە ئینسانە دەبێ بە ڕێبەرایەتی کردن هەڵەکانی تکنۆلۆژی ڕاستکاتەوە. ئێستا بە هۆی چوونەپێشی تکنۆلۆژیەوە،زۆرن ئەو ڕێکخراو و حیزب و کۆمپانیانەی کەسانی نالێوەشاوە لە پۆستەکانی ڕێبەریدا دەخەنەکار. ئەوان لەو بڕوایەدان ئەوە هیچ گیروگرفت پێکناهێنێ، چونکە تکنۆلۆژی و تکنیکی سەردەم، کارەکان بە ئاسانی بەڕێوەدەبات. ئەوە هەڵەیە. نابێ ڕێبەرایەتی بدرێتە دەستی ڕۆبۆتەکان. بۆیە لە پۆستەکانی ڕێبەرایەتیدا دەبی کەسانی ڕێبەر دانرێن نەک کەسانی تکنیسێن. چونکە ئەوجۆرەکەسانە ڕێبەرنین، بەڕێوەبەرن. یانی لەیدەرنین و مەنیجەرن. بەتایبەتی لە قەیراندا تکنۆلۆژی دەبێ تەنیا ئامرازبێ لە خزمەت ڕێبەرایەتیدا نەک بە پێچەوانەوە. ئەوە مەترسی نیە کە ڕۆبۆت و کامپیۆتێرەکان کاری ئێمە دەکەن. ئەوە خەتەرە کە ئێمە وەک ڕۆبۆت و کامپیۆتێرەکان ڕەفتاربکەین.

- **ڕیبەرایەتی هەمیشە بریتیە لە ڕاهێنان، تەمرین، مەشق و ئامادەکاری، خۆ پیگەیاندن، فیربوون، ئەزموون کۆکردنەوە و پوختەبوون و قاڵبوونەوە لە مەیدانی کاردا.**

کاتێک فەرماندەی تایتانیک دەستووری دا کە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە کەڵک لە جلیتقە و قایەغەکانی نەجات وەرگرن دەرکەوت کە مەلەوانەکان و پێرسونێڵی تایتانیک هیچ شارەزایی و

لێوەشاوەییەکیان لە کردنەوە و ئامادەکردن و هەڵدان و دە ئاو هاوێشتنی بەلەمەکانی نەجاتدا نیە. دەرکەوت کە نەیان دەزانی چەند دانەن، چۆن دەکرێنەوە، چۆن فرێدەدرێنە نێو ئاو و چۆن کەڵکیان لێوەردەگیرێ. ئەوە کارەسات بوو. وەختێکی زۆری سەرفکرد. لەوەش زیاتر ئەنارشیزم و کائۆسی خوڵقاند و بوو بە هۆی ئەوەش کە هەرکەس ئازابێ و بەرەی خۆی لە ئاوێ بێنێتە دەر و پاشان بەشێکی زۆری ئەو بەلەمانەش بە زەرفیەتێکی زۆر کەمتر لەوە کە هەیان بوو کەڵکیان لێوەگیرا. سەیر ئەوەبوو پتر لە هەشسەد کەس خەدەمەی کەشتیەکەبوون. بەڵام ئەگەر کاپیتان و ژمارەیەکی زۆرکەم لە تکنیسێن و کادرەکانی دیکەی لێدەرکەی، بەشی هەرەزۆری خەدەمەی کەشتیەکە کەسانێک بوون کە هەر لە بازاڕی ڕا هێنابوویاننە کار و لەبنەڕەترا هیچ دەورە و کۆڕس و تەمرینێکیان نەدیبوو. ئایا ئەوە مەسئولیەتە؟ جیا لەوەش ئامێر و ئامراز و وەسیلەی پێویست بۆ کردنەوە و بەستن و ئامادەکردنی قایەغەکان لە کەشتیەکەدا نەبوون. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە تاقمی خەدەمەی کەشتیەکە هیچ ئاشنایەتیەکیان لە گەڵ بوارەکانی مەسئولیەتی خۆیان دا نە بوو.

تەشکیلات و حیزب و بزووتنەوە دەبێ هەوڵدەن کادر و پێرسونێلی خۆیان فێرکەن و لێوەشاوەیەکانیان بەرنەسەر و بە مەیدانەکانی کار و مەسئولیەتی خۆیان ئاشنایان بکەن و مەیدانی هەڵدان و گەشەیان بۆ درووستکەن. جا ئەوانیش تواناو بەرهەمداری و لێوەشاوییەکانیان زۆرتر دەبێ و لە کاتی پێویستدا دەبنە مایەی سەربڵندی وشانازی دەخوڵقێنن. ئاخر تۆ با هەر کاپیتانی کەسانی ڕەشۆکی بیت، ئەگەر کەوتیە تۆفانەوە کە دەکەویە ناوی، بە تەنیا دەمێنیەوە.

- **ڕێبەرو ڕێبەرایەتی دەبێ ژێرئاوەکە ببینێ**

گەورەترین مەترسی و هەروەها گەورەترین دەرفەت و شانسیش دەکەونە ژێر ئاوەکەوە واتە دیارنین. ئەودەم کە تایتانیک بە دەریادا دەرۆیشت، دەریا ئارام و لە سەرەخۆبوو و دەتوت شوشەیە و دەبرسکایەوە. هەر ئەوە نیشانەی ئەوەبوو کە مەترسی تێدایە. دەڵێن لە ئاوی خوڕمەترسە خوڕەخوڕدەکا، لە ئاوی مەند بترسە پیاو نقوم دەکا. ئاخر بەشی هەرە گەورەی شاخەسەهۆڵینەکان لە بن دەریادان و تەنیا بە ئاستەم جار جار لەسەر دەریا گۆشەیەکی بچوکیان دەردەکەوێ.

هەروەها ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوە و لە لای هەرەبنەوەی کەشتیەکەدان پێش هەمووکەس هەست بەمەترسی دەکەن و ئەوە هەر ئەوانیشن باشترین ڕێگاچارە و ئیدەیان پێ یەو دەبێ گوێ یان لێبگیرێ. کاتێک تایتانیک تووشی کێوە بەفرینەکەبوو، ئەوە دیدەبانەکان بوون پێش هەموو کەس خەتەرەکەیان دیت و هاواریان کرد. ئەگەر بەوەخت گوێ لە هاواری ئەوان گیرابا، ئەو کارەساتە نە دەهاتەپێش. دواتریش کاتێک شاخەسەهۆڵینەکە بەر تایتانیک کەوت، ئەوە لە لای خوارەوەی کەشتیەکەوە بەری کەوت و پێش هەموو کەس ئەو خەڵکەی لە بنەوەبوون هەستیان بە مەسەلەکە کرد و دژکردوەیان نیشان داو هاتنە سەرەوە بزانن ج باسە. جیالەوە هەر ئەوانیش بوون کە پێش هەرکەسی تر زانیان تایتانیک کونبووە و لەلای خوارەوەوە ئاوی دەرژێتێ. بەداخەوە

فەرماندەیی کەشتیە کە درەنگتر بەوەی زانی و کاتێکێش لەو بارەوە خەڵکەکەی خوارەوە زانیاریان دا بە ڕێبەری، ڕێبەری بەوەخت دژکردەوەی لە خۆی و لە تایتانیک نیشان نەدا. واتە لە تەشکیلات و حیزب و بزووتنەوەدا، ئەوە بەدەنە و کادرەکانی مەیدان و نێوخەڵک و جەماوەرن کە زووتر لە هەموو کەس هەست بە مەترسی دەکەن و هەر ئەوانیشن باشترین ڕێگاچارەیان پێیە. بۆیە ڕێبەری وەزیفەیەتی گوێیان لێبگرێ و نەزەر و ئیدەو داواکانی بەدەنە و جەماوەر لەبەر چاوبگرێ. ئەوە دیدەبان و بەدەنەی حیزب و تەشکیلاتن کە دەزانن کەمووکوڕی کەشتی حیزب لە کوێدایە. ئەوانن زووتر شاخەسەهۆڵەکەی سەر ڕێگای خەباتی حیزب و بزووتنەوە دەبینن. ئەوانن دەزانن لە خوارەوەی کەشتیەکەدا چ دەگوزەرێ و ئەوانن بە چاوی تیژی خۆیان شاخە بەفرینەکە دەبینن و هاواریان دێ. گوێ نەدانە ئەو هاوارە، ئەو ئەلاڕم و ئینزارە، هیچ مانایەکی نیە جگە لە مەسئولیەت وەئەستۆنەگرتن. بە پێی قاعیدە ئەوە بەدەنەو کادرەکانی سەنگەرەکانی پێشەوەی نێوجەماوەر، واتە پێشەوەی کەشتیەکەن کە باشترین ڕێگا چارەیان بۆ گیروگرفتەکانی کەشتیەکە پێیە. بە قسەیان بکەن و گوێیان لێبگرن پێش ئەوەی درەنگبێ و بەر شاخە سەهۆلینەکە بکەون.

- **ڕیبەرایەتی دەبێ نەک هەر ڕووی لە ئاسۆبێ، بەڵکوو دەبێ ئەودیوی ئاسۆش ببینێ.**

سەرکەوتن هەمیشە گیروگرفت لە گەڵخۆی دێنێ. کاپیتانێکی باش و لێوەشاوە ، ڕێبەریەکی بەرپرس و شایستە کەسێکە کە هەمیشە لەسەر هەستە بۆئەوەی ئەگەر پێویست بێ ئاڕاستەی کەشتیەکەی بگۆڕێ، پێداویستیەکانی بگۆڕی، خۆی نوێ کاتەوە، پارچەکانی کەشتیەکەی کۆنترۆڵکا، پێیان ڕابگا، دەفکری ئەوەدابێ کە داخوا چەندەی سوتەمەنی پێە، چی دوێ. لەوەش زیاتر دەبێ لە سەرهەستبێ و چاوبگێڕێ کە کەی شاخەسەهۆڵ دێتەسەر ڕێگای کەشتیەکەی. ڕێبەری دەبێ ڕووی لە پێشەوەبێ و بڕوانێتە ئاسۆ و ئەستێرە بەرزەکان ببینێ.

- **نابێ ڕێگابدرێ تیپی مۆسیقا مۆسیقالێدەن.**

نابێ خەڵک بەفریوبەرین و پێیان بڵێین دونیا ئەمن و ئامانە.

ڕاستە لە کاتی کارەسات و قەیراندا، کە بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی سەخت و خوێناوێ حیزب و بزووتنەوە و میللەتەکەمانە، نابێ خەڵک و بەدەنە و جەماوەر بترسێنین. بەڵام ناشبێ لە جەنگەی قەیران و کارەسات و تەنگوچەڵەمەکاندا، فریویان دەین و بڵێین بێ خەیاڵبن و هیچ باسنیە. وەک باسمان کرد لە کاتی کارەساتەکەی تایتانیکدا، ڕێبەری تیمی مۆسیقای کەشتیەکە بە مەبەستی ڕەواندنەوەی هەوری ترس و نائومێدی و خۆف و ئارام کردنەوەی خەڵکەکە، بەتایبەتی کە کائۆسیان لەسەر چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لە قایەغەکانی نەجات درووستکردبوو، لە گەڵ تیپەکەی دەستیان کرد بە مۆسیقالێدان تا ڕووحیەی خەڵکەکە ڕاگرن. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەوە ستراتیژیەکی کاریگەرنیە بۆ وەزعێکی لەو جۆرە. باشترە لەوحاڵەتانەدا خەڵکەکە

لە قوڵای کارەساتەکە ئاگاداربکرێن و مشۆرەتیان لە گەڵ بکرێ و لە تواناو لێوەشاوەییەکانیان کەڵک وەرگیرێ و سازمان بدرێن و داوای یارمەتیان لێ بکرێ. ڕیبەری لەو حاڵەتانەدا دەبێ نەزەری خەڵکی بوێ، داوابکات کە ئەوان چیان لەدەست دێ، دەتوانن چبکەن، ئەوانەی توانای ڕیبەری و ڕاپەڕاندنی کاریان هەیە گوڵبژێریان بکا و دەکاریان وەردا. لەو حاڵەتانەدا ڕێبەری دەبێ زانیاریەکان و فاکتەکان و داتاکان کۆکاتەوە و تەبەقەبەندیان بکا. لەو جۆرە هەلومەرجانەدا ڕیبەری دەبێ ئینێرژی تەزریق بکا. لەو هەلومەرجانەدا دەبێ خەڵکەکە پاڵوێکدەن، لەدەوری یەک کۆبنەوە، بۆ یەکتر ببنە کۆڵەکەو جێی هیوا. ئەوە کە بێین و بە شێوەیەکی رووکەشی بیانخافڵێنین، کردارێکی درووست و ستراتیژیەکی مەعقول نیە. ئێمەش هەمانن هەمیشە لە کەشتی حیزب و بزووتنەوەدا هەر مۆسیقا لێدەدەن.

- **نابێ تەسلیمی فشار و داوای نادرووستبین.**

وەک ڕێبەر، وەک پسپۆڕ، وەک کارناس و کەسێك کە شارەزاییمان هەیە، بەهیچ جۆر نابێ تەسلیمی داوای نادرووست و نا بەجێ و نامعقول بین. برای بەڕێزم کاک سەید رەسوڵی سەیدئەحمەدی کە قاڵبووی مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی سەختە و عومرێک فەرماندەیی کردوە قسەیەکی هەیە دەڵێ وەک فەرماندە قەت نابێ شکی خۆت بە یەقینی کەسانی دی بگۆڕیەوە. کاتێک دەزانین بڕیارێک درووستنیە دەبێ جێبەجێی نەکەین یا قسەی لەسەربکەین. کاپیتان ئیسمیت چاک دەیزانی لەو فەسڵەی ساڵدا کەشتی لێخوڕین بە سورعەتی ٤٢ کیلۆمیتر لە سەعاتێکدا لە ئۆقیانوسدا کارێکی تەواو ئەحمەقانەیە. بەڵام تەسلیمی فشاری سەرۆکەکەی بوو. لە جیاتی گوێبداتە دەنگی تەجروبە و پسپۆری خۆی وەدوای قسەی سەرۆکەکەی کەوت. وەک ڕێبەر دەبێ زۆر و قوڵ بیربکەینەوە و هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە بخەینە بەرباس . بە تایبەت ئەگەر بزانین نەزەری ئێمە درووستە و بڕوامان بە لێوەشاوەیی خۆمان بێ دەبێ لەسەر مەسەلەکان پێداگرین بە تایبەت ئەگەر بزانین بڕیارەکە و ئاکامەکانی زیان و زەرەری زۆریان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بەدواوەدەبێت.

- **خەللاقیەت**

لە هەلومەرجە قەیرانیەکاندا واباشە لە هەموو ئیمکاناتی مەوجود بە باشترین شێوە کەلکوەرگیرێ . ئەگەر ریبەریی تایتانیک بەوەخت جولا بانەوە، لەو هەموو هێزە ئینسانیەی نێو کەشتیەکە کەڵکی پێویستیان وەرگرتبا و جلیتقەو قایەغەکانی نەجاتیان باش دەکارکردبا و تەنیا مونتەزیری هاتنی کۆمەگ نەبان ، بێگومان تایتانیک باشتر لەو کارەساتە دەهاتەدەر. بۆیە ریبەری دەبێ بۆ بردنە پێشی کارەکانی لە هەموو ئیمکاناتی مەوجود کەڵک وەرگرێ و یاری بە هەموو کارتەکان بکا.

شەهید دووکتۆر قاسملوو دەڵێ رێبەری کۆماری کوردستان ئەگەر بڕیاری بەربەرەکانی دابا، ڕەنگە چارەنووسی کۆمار بەو ڕۆژە نەگەیشتبا. ئەو پێی وایە سەرەڕایی هەموو فاکتۆرە مەنفیەکان، ئەگەر کورد بۆخۆی مقاوەمەتی کردبا، وەزعەکە جۆرێکی تر دەبوو.

مێژوو وەک قاسملوو دەڵێ ئەوەنیە کە دەمانەوێ و پێمان خۆشە. میژوو ئەوەیە کە ڕوویداوە.

بەڵام گەورەیی پێشەوا و کاپتین ئیسمیت لەوەدایە کە هەردووکیان مەسئولیەتیان قبووڵکرد و کەشتیەکانی خۆیانیان لە دەستی تۆفان و گەردەلوولدا بە جێ نەهێشتن و هەرچی لە دەستیشیان هات کردیان تا لەبەرانبەر مێژوو و میللەتەکانیان دا ڕووسور بێنەدەر.

ئەودەم کە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە قەندیل بوو، کۆمسیۆنی سیاسی نیزامی سێ کەس لە کادرەکانی حیزبی لە گەڵ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال بۆ سنوری تورکیە ڕەوانە کرد بوون تا لەوێوە برۆنە تورکیەو بچنە دەرەوە. کاک دوکتۆر شەرەفکەندی لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو. کە گەڕایەوە کۆبوونەوەیەکی گرت و زۆر مەسەلەی لە گەڵ کادرو پێشمەرگەکان باس کرد. یەکێک لەو مەسەلانە ئەوەبوو ڕەخنەی لەو کارەی سیاسی نیزامی گرت کە چۆنە ئەو کادرانەیان ڕێگا داوە بڕۆنە دەرەوە. ئەو وتی من موخالیفی ئەوەنیم لاوێک کە لە سنە یا کرماشان کە لە پێوەندی لە گەڵ کاری خەباتگێڕانەدا قاچاخ دەبێ، بڕواتە دەرەوە و بخوێنی. یا کەسێک کە لە شۆڕش دا کەم ئەندام دەبێ و حیزب خۆی تەشخیس دەدا بینیرێ بۆ دەرەوە. بەڵام ئێمە ئەو مەجموعە لە کادرەکانی حیزب کە شۆڕشمان کردوە و خەڵکما هێناوەتە مەیدانەکە و خەڵک کوری شەهیدبووە و ماڵی وێران بووە ئیجازەمان نیە شۆڕش و خەبات بە جێبێلین. یا ئێمەش لەوخەباتەدا سەردەنێینەوە یا سەردەکەوین. ئەو لە کاتی قسەکردن لە سەر گۆڕی شەهیدان لە پێوەندی لە گەڵ شەهیدبوونی دووکتۆر قاسملووشدا هەر ئەو قسەیەی کرد و ڕوو لە دووکتۆر قاسملوو وتی ئێمە ئەو خەباتە دەبەینە پێش یا سەردەکەوین یا دێینە پەنا تۆ.

ئەوە نەریتی هەرەبەرزی ڕیبەرایەتی حیزبی دێموکراتە کە قەت کەشتی خەباتی میللەتی لە تۆفاندا وێڵنەکردوە. ڕەنگە هەر ئەوەش بێ ئەو حیزبەی لە نێو میللەتدا هێندە بە ئیعتیبار کردبێ. سڵاو لە شەهیدانی کۆماری کوردستان.

سڵاو لەرووحی پاکی قوربانیانی کارەساتی تایتانیک

ئیبڕاهیم لاجانی

سەرلە ئێوارەی ٤ی ئاپریلی ٢٠١٢

www.peshmergekan.com